# سیلا بن حەبیب و تیۆری فرەکولتووری

**د. جبار قادر احمد**

**بەشی کۆمەڵناسی**

**قۆناغی چوارەم**

(سیلا بن حەبیب Seyla Benhabib) (1950)؛ ئافرەتێکی بە نەتەوە تورک و بە ئایین یەهودیە، فرەکولتووری، بە دیدگای (سیلا بن حەبیب) ڕەتی تاکایەتی دەداتەوە و بانگەشەی فرەیی دەکات بۆ کۆمەڵە کولتوورییە جیاجیاکان، ئەو پێیوایە سەرەتای قۆناغی فرەکولتووری لە ئەمریکا بوو لە ناوەڕاستی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان و تا ئێستا، کۆمەڵگای ئەمریکی ئەوسا و تا ئێستاش لە دۆخێکی فرەیی کولتووری و نەژادی دەژێت، بۆیە زۆرینەی بیرمەندانی ئەو قۆناغە ئەمریکین، وەک (جودیت بوتلەر Judith Botler) و (نانسی فریزر Nancy Freaser) و (ئەکسڵ هونیتAxel Honneth)، کە کۆمەڵێک کتێب و لێکۆڵینەوە کۆیکردوونەتەوە، لە میانەیاندا هەوڵیی تیۆریزەی ئەم فرەییە کولتووریەیان داوە، بەڵام (سیلا) کاری کردووە لەسەر تیۆریزەی ئەم چەمکە و هەوڵی داوە بیبەستێتەوە بە لایەنی کردارییانەی تایبەت بە سیاسەتی ئەم وڵاتانە لە نێوان خۆیاندا (مجید، 2006: 149)، هەوڵەکانی زیاترن لە بیرمەندانی دیکەی قوتابخانەی فرانکفۆرت، لەوانیش (هابەرماس) کە زۆر سوودی بینیووە لە تێزە تیۆرییەکانی و کاریکردووە بیگوازێتەوە لە بواری تیۆری بۆ بواری کرداری. گرنگترین خاڵی جیاکەرەوە ئەم قۆناغەش، پەیوستیی کاتی بە قۆناغێکی دوای نوێگەرییە، هەروەها پەیوستی بە بیرۆکەی ڕێژەیی کولتووری، ئەم بیرۆکەی پێیوایە ناکرێ کولتوورێک هەڵبسەنگێنین و وێناکردنێک لەبارەیەوە هەبێت، مەگەر بە شێوەیەکی ڕێژەیی، بە گوێرەی پێودانگەکانی خودی ئەم کولتوورە، نەوەک بە پێودانگە تایبەتییەکانی کولتوورێکی دیکە، هەروەها ئەم ڕوانگەیەشی لێ وەرگرتووە کە پێیوایە ڕەفتاری ئاکارییانەی کولتوورێک، هیچ نییە جگە لە ڕەفتارێکی ڕێژەیی لە ڕووی کولتوورییەوە، ناشێ لە ڕێگەی ئەوانەوە هەڵیبسەنگێنین کە ئینتیمایان بۆ هەمان کولتوور هەیە (مجید، 2006: 151).

(سیلا بن حەبیب) جەختی لەسەر پێویستیی دانان بە کولتوورە جیاوازەکان کردووەتەوە، هەروەها دوورخستنەوەی ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێ: جیاوازیی کولتووری ڕێبەریکردنی شەڕ و ئاژاوەیە، لە کتێبی (داخوازی و داواکاری کولتوورەکان-The Claims of Culture)یدا ئەوە دەخاتە ڕوو کە هاوشێوەبوون و جیاوازی لە هەموو سەردەمێکدا کۆمەڵێ پرسی بەردەوامی سیاسیین، لەوانیش پرسی جیاوازیی و فرەجۆریی کولتووری، هەروەها دانپێدان بە جیاوازییە کولتوورییەکان و پاراستنی مافی کەمینە ئایینی و ئێتنیکی و کولتوورییەکان بەهەند وەردەگرێت و ئاماژە بە بنەمای دروستبوونی کۆمەڵگایەکی دیموکراسی و گەشەسەندوو دەکات، بەجۆریک کە دادپەروەری و یەکسانی و مافی گرووپ و کولتوورە جیاوازەکان بەرهەمی سیاسەتی کولتوورین، کە تێگەیشتنی نێوان کولتوورەکانی لێدەکەوێتەوە (Benhabib, 2002: 107-109).

لە ڕوانگەی (سیلا بن حەبیب)ەوە تیۆریزەکردنی بنەما سەرەکییەکانی فرەکولتووری، چەند خاڵێک دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە پەیوەندی نێوان کولتوور و کۆمەڵگا:

1- کولتوورە جیاجیا جیهانییەکان بریتیین لە قەوارە و بونیادی سەربەخۆ، دەشێ دیاری بکرێن و جۆراوجۆر بکرێن.

2- کولتوورەکان بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ گرووپە دانیشتووانییەکان دەگونجێن، دەکرێ بگەینە وەسفکردنێک کە ناکۆکی لەسەر نەبێ بۆ گرووپێک لە خەڵک لە ڕێگەی کولتووری تایبەتییەوە.

3- سەرەڕای نەگونجانی گرووپە دانیشتووانییەکان لەگەڵ کولتوورەکان بە تەواوی، لەگەڵ کۆبوونەوەی پتر لە کولتوورێک لە نێو یەک گرووپی مرۆیی، یاخود چەند گرووپێکی دانیشتووان هەمان سیمای کولتووریی کۆمەڵە گرووپێکی دیکەی دانیشتووانیان هەبێت، ئەوا ناکرێ ئەم چەند پرسە ئەو کێشانە بنوێنن کەوا بایەخی جێ باسیان هەیە، پەیوەست بە سیاسەتە جیهانییەکان یاخود سیاسەتە نیشتیمانییەکان (Benhabib, 2002: 40).

(سیلا بن حەبیب) لەم ڕێگەیەوە ویستوویەتی ئەم حاشاهەڵنگرانە هەڵتەکێنێت، و بیانگۆڕێت بە خستنە بەرکاری جۆرێکی نوێ لە سیاسەتی نێودەوڵەتی، کە بە ڕادەیەکی زۆر مەیلی بەلای خۆلادانە لە سیاسەتی دەمارگیری کە زاڵبوونی کولتوورێکی دیاریکراو بەسەر کولتوورێکی دیکەدا دەدات، ئەمەش لە ڕێی ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی سنووری کولتووری کە زادەی بیری سیاسیی ڕۆژئاوایی بوو، هەروەها جەختیکردەوە سەر پێویستی نەڕوانینی کولتوورەکان، وەک شێوەی

جیاوازی بەدەر لە کولتووورە جیاوازەکانی دیکە، بۆیە گرووپەکان و تاکەکان لە هەر کولتوورێک بن، هەر ئەوان کولتوور پیادە دەکەن و داڕێژەری مانای کولتوور و جیاوازییە کولتوورییەکانن، دیموکراسی لەبار نابات، بەڵکو (سیلا بن حبیب) وا دەبینێ کە ئەقڵانییەت ئەو ڕێگە نموونەییەیە بۆ تێگەیشتن لەو گۆڕاوانەی لەناو کۆمەڵگا فرەکولتوورییەکان ڕوودەدەن، لەبارەی ئەم جیاوازییانەش لە دانوستانە، ئەمەش لە ڕێگەی پرۆسەی ئاڵوگۆڕێکەوە دەبێت کە توانای گوێگرتنی هەبێت بۆ ئەزموون و شارەزایی ئەوانی دیکە(مجید، 2006: 155)، لە لایەکی دیکەوە، جەخت دەکاتەوە سەر جیاکردنەوەی پیادەکارانی کولتوور و توێژەرانی، لەو قسەیەی: «پیادەکارانی کولتوور بە پێچەوانەی لێکۆڵەرانی، ڕێڕەویان لە دەست نەریت و چیرۆک و ڕێوڕەسم و هێما و بارودۆخی گوزەرانیانە» (Benhabib, 2002: 5)، کولتوور چەند شێوەی هەیە کە شیاوی ئاڵوگۆڕی بەردەوامن لەگەڵ بەکارهێنانیان، بەمەش لەسەر توێژەر پێویستە ئەمانە بە بنەمای وا دانەنێت کە دەشێ بە وردی کۆنترۆڵ بکرێن لە ڕێگەی میتۆدێکی دیاریکراوی پێودانگەیی، چونکە کولتوور خاوەنی سرووشتێکی ئاڵوگۆڕی دینامیکییە، نەوەک ستاتیکی جێگیر، هەرچەندە توێژەر هەوڵ بدات بگاتە وەسفێکی وردی کولتووری گرووپێکی دیاریکراو، ئەوا ناتوانێ بە ڕادەیەکی ڕەها سەرکەوتوو بێت. هەروەها دەڵێت: «ئەو توێژەرە هەوڵ دەدات لە کولتوورێکی گرووپێکی دیاریکراو بگات، لەسەری پێویستە ئاشنا و شارەزا بێت بە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئەم کولتوورە و چۆنییەتی پێکهاتن و دەرکەوتنی»(Benhabib, 2002: 7)، بەڵام ئەوەی پەیوستە بە ڕێژەی جیاوازیی کولتوورەکان و پێکچوونیان لە نێوان گرووپەکان، ئەوا جەخت دەکاتەوە سەر ئەوەی ئەم پرسە بە گرفتێکی سیاسیی نێوان وڵاتان و ناو یەک وڵات بە تایبەتمەندییەکی تایبەت دەژمێردرێت، بەڵام ئەو پێشنیازی چارەسەری ئەم کێشانە دەکات کە خۆی دەبینێتەوە لە بایەخی پابەندبوون بە دیموکراسی ڕاوێژکاری (Deliberative Democracy) لە ڕێگەی تێکەڵبوونی گشت کولتوورە هەمەجۆرە مرۆییەکان و پێکهاتە مرۆییەکان لە پرۆسەی سیاسی ( Benhabib, 2002: 76)، ئەمەش لە ڕێگەی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی لە نێوان تیۆر و پیادەکردنی کولتووری سیاسی و سیاسەتی کولتووری هەیە، ئەمەش لە ڕێی کەمکردنەوەی توندیی ناکۆکییەکان، هەروەها تۆڕی پەیوەندیی جەختکەرەوە لەسەر ئەتەکێت و ئاکاری پەیوەندیی پشتبەستوو بە فەلسەفەیەکی ڕوون و پەیوەستدار بە پاراستنی مافەکانی هەمووان و، ئەمەش هەوڵ دەدات ئەوی دیکە ڕازی بکات بۆ پێکەوەژیان و یەکترقبوڵکردن، لە سایەی ئەو جیاوازیانەی هەن، بەبێ هیچ دەمارگیری و ناکۆکی لە نێوان گرووپە هەمەچەشنەکاندا (Benhabib,1995: 330).

ئێستاکە بەشێک لە بەرپرسە ئەوروپاییەکان بەهۆی سەرهەڵدانەوەی بیری توندڕۆیی نەتەوەیی پێیانوایە کە دیموکراتیەتی ئەوروپا لە مەترسیدایە. بیری توندڕۆیی نەتەوەیی ئەوروپا کیشوەرەکەی ڕووبەرووی بارودۆخێکی زۆر مەترسیدار کردووەتەوە، لە دوای سەرکەوتنی ڕاسترەوەکان لە بەشێکی لە هەڵبژاردنی وڵاتانی ئەورووپایی بیری نەتەوەیی لە نەمسا و وڵاتانێکی وەک بەریتانیا و فەرەنسا و هۆڵەندا و دانیمارک و ئیتاڵیا و ئەمەریکا و یۆنانیشدا بە ئاراستەی بەهێز بوون هەنگاو دەنێت، پرسیارە جەوهەرییەکە ئەوەیە کە ئایا بیری ئێتنۆسەنتریزم لە ئەم ناوچانە بەرەو کوێ دەچێت؟ داعش و هێزە توندڕۆکان ڕۆڵیان لە زیندووکردنەوەی ئەم فکرەیەدا هەبووە؟

ئەوەی کەپێویستە لەم ڕۆدا شرۆڤەبکرێت، بریتیە لە زیندووبوونەوە و گەشەکردنی بیری ئێتنۆسەنتریزمی لە ئەورووپادا، ڕاسترەوەکانی ئەورووپا و ئەمەریکا و بەریتانیا بە ئاڕاساتەی قۆخکردنی هزری نەتەوەپەرستی و ڕاکێشانی سەرنجی هەستی خەڵکی، چۆن فکری ئێتنۆسەنتریزم بەکاردەهێنن؟ جارێکی دیکە بیری هەستی ئێنۆسەنتریزمی بەئاڕاستەی توندڕۆیی‌زیندوو دەکرێتەوە؟ یەکێک لە ئاستەنگ و ئاریشە بەردەوامەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، بریتی بووە لە خۆسەپاندنی گرووپێک یان ئێتنیکێک بەسەر گرووپ و ئێتنیکە جیاوازەکانی دیکەدا، کە هەمیشە ئەم خۆسەپاندنە دەرئەنجامی ئەو بیرکردنەوە نالۆژیکییەیە کە پێیوایە ئەو بەهێزتر و گرینگتر و پێویستترە، بۆیە مرۆڤایەتی زۆر جار بەدەست ئەم جۆرە بیرکردنەوە و عەقڵیەتانەوە تووشی قوربانیدان و ئاستەنگی پێشکەوتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بووە.

تەنانەت لە کایەی کاری سیاسی و ڕێکخراوەییشدا ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بە ڕوونی دەبیندرێت، کە دەیەوێت هەژموونی کەسێک یان گرووپێک بسەپێنێت بەسەر ئەوانی دیکەدا، چونکە ئەوانی دیکە لای ئەو توانای بیرکردنەوە و بڕیاردانیان سنووردارە، بۆیە بەشێک لەو کۆمەڵگایانەی کە کۆمەڵگەی تەقلیدین و نەیانتوانیوە لە ئاستی مەعریفی و زانستییەوە پێشکەوتنی دیار بەخۆەوە ببینن، زیاتر بەدەست ئەم ئاریشەیەوە دەناڵێنن. لە بنەڕەتدا ئاراستەکانی خۆسەپاندن و بێباوەڕی بە بنەما سەرەکییەکانی گفتوگۆ، ناتوانێت دواتر کۆمەڵگایەکی ڕێکخراو و پێشکەوتووی مەعریفی و زانستی بەرهەم بهێنێت.

ئێتنۆسەنتەریزم ویستی سەیرکردنی جیهانە لە ڕوانگەی کولتوورێکی تایبەتییەوە یان بیرکردنەوەی گرووپی و کەسییەوە. زۆربەی بۆچوونەکان باس لەوە دەکەن کە ئێتنۆسەنتەریزم لە هەموو کۆمەڵگایەکدا بوونی هەیە. دەکرێت ئێتنۆسەنتەریزم شتێکی هاوبەش بێت لە نێوان هەموو

کۆمەڵگاکاندا، بەڵام بە ڕێژەی جیاوازتر و ئاستی جیاوازتر.
بیری ئێتنۆسەنتریزم لە ئەورووپا لە گەشەکردندایە، لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:
یەکەم:گەشەکردنی بیری توندڕۆیی ئایینی لە ئەورووپا، کە بەشێوەیەکی ناهەڕەمەکی ئەقڵی توندڕۆیی ئایینی گەشەی کردووە، ئەمەش بووەتە هۆکاری پەرەسەندندی بیری نەتەوەیی و ئێتنۆسەنتریزمی، بەتایبەت ئەو ڕایەیی کە ڕاستڕەوەکان هەڵیانگرتووە و پشتگیری لە مانەوەی هێزی نەتەوەیی و کۆنترۆڵکردنی وڵاتەکانیان بە ڕەهەندی نەتەوەیی دەکەن، ئەوان پارێزبەندی خۆیان بەهزری نەتەوەیی چوارچێوە دەگرن.

دووەم: بەهۆی شەڕی تیرۆریستانی داعش و بڵاوکردنەوەی توندڕۆیی ئایینی، ڕێژەی کۆچکردنی هاووڵاتیانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بۆ ئەورووپا زۆر زیاتر بووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە جۆرێک لە زیادبوونی بێکاریی و لاوازی ئیدارەرکردنی کۆچبەران، نیگەرانی هاونیشتیمانیان ئەم وڵاتانەی لێکەوتووەتەوە، بۆیەشە بەرەی ڕاستڕەوی لە ئەورووپا زیاتر ئیستغلالی ئەم فکرەی کردووە و بۆ مەرامی سیاسی و حزبی قۆستوویەتییەوە، زیاتر بیری نەتەوەیی و خۆپاراستن لە ڕەهەندەکانی دەرەکی و توندڕۆیی بڵاوکردووەتەوە.
سێیەم: لاوازیی ئیدارەکردن و مامەڵەکردنی ڕۆژئاواییەکان و ئەمەریکا لەگەڵ کەیسی ڕۆژهەڵاتی ناوین، کە وایکردووە ڕاشکاوانە نەتوانن پرۆسەی گەشەی دیموکراسی و بەرجەستەکردنی مافی نەتەوە و گرووپە جیاجیایەکان بە هەند وەربگرن، هەروەها خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ ململانێی ئێران و سعوودیە لە ناوچەکەدا، کە بووەتە هۆی توندبوونی ململانێکان و پشتگیریکردنی چەندین گرووپی جیاجیا توندڕەو، کە لەکۆتایدا مەترسین بۆسەر ئاسایشی گشت جیهان.

دواجار بیری ئێتنۆسەنتریزم و ڕوئیایی ڕاستڕەوەکان لە ئەورووپا بە ئاراستەی بەرفراوانی دەڕوات، چونکە پێیانوایە پەنابەران و ئەوانەی کە هاونیشتمانی بنچینەیی نین بە بەشێک لە مەترسییەکان ژیانی خۆیان دەزانن، بەتایبەت لە مەسەلەی بێکاریی و قورساییوونی ئابووری ئەو وڵاتە بۆ خزمەتی پەنابەران و، ئەقڵیەتی ڕاسیزمی و خۆزاڵکردنی بەهاکانیان بەسەر ئەوانی دیکە، کە دەرئەنجامی خراپ مامەڵەکردنی سیاسەتی پێشووی ئەم وڵاتانە بووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، بۆیە مەترسییە گەورەکە لەو پرسیارەوە سەرهەڵدەدات کە فکری ئێتنۆسەنتریزمی تاکوێ گەشە دەکات؟ بە تایبەت لەو وڵاتانەی بە هێزی دیموکراسی و گەشەی ئازادیی کەسی و گرووپی دادەندرێت.

لە هەرێمی کوردستاندا؛ کولتوور و نەتەوە و ئایینی جیاجیا هەیە، کە سەرەڕای جیاوازی داب و نەریت و بەشێک لە بەهاکان و پەیوەندی و کارلێککردنی کۆمەڵایەتی، بەڵام خاڵی هاوبەش و پێکەوەگونجانیان زۆرە. پێکەوەژیانی ئاشتیانە بە بەهێزی دەبیندرێت، بەڵام تێکەڵبوونی کولتووری بەقووڵی دروست نەبووە، وەکو پەیوەندی و کارلێککردنی کۆمەڵایەتی لە نێوان گرووپە جیاوازەکاندا و بابەتی هاوسەرگیریی و کارلێککردنیان و توانەوەیان لەناو یەکتردا بە بەهێزی نابیندرێت.